Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.4

# کاریگەری ستراتیژیەتی (PQ4R) لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لای قوتابیانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Ranjdar Azad Azeez
hawzheen.azeez@su.edu.krd

RECEIVED :18 /10/2025
ACCEPTED :24/07/ 2025
PUBLISHED : 15/04/ 2026

**صباح رحمان محمدعلی**/بەشی زانستەکۆمەلآیەتیەکان,کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی,زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق
**هاوژین محمود عزیز**/بەشی زانستەگشتیەکان,کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی,زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ستراتیژیەتی PQ4R ، دەستکەوت،

**پوختە**

توێژەران وەک مامۆستای بابەتی مێژوو بۆیان دەرکەوت کێشەی لاوازی لە دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیان لەبابەتی مێژوو هەیە،بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم کێشەیە،پێشنیاری بەکارهێنانی ستراتیژی PQ4Rدەکەن. بەئامانجی دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژیەتی PQ4R لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی یانزەمی ئامادەیی ،لەم توێژینەوەیە ڕێبازی ئەزمونگەری بەکارهێنا،دوو کۆمەڵەی(ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)لەکۆمەڵگەی توێژینەوە،کە قوتابخانەی ئامادەیی (سازانی کچان)لەناوەندی پارێزگای هەولێر بۆسالی(2024-2025)،دیاریکرا،وە نمونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە لە(77)قوتابی کچ،کە،دوو پۆلی یازدەمی وێژەیی (أ،ب)، پێکهاتبوون،بە ڕێگەی هەرەمەکی،پۆلی(أ)هەڵبژێدرا بۆ نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵەی ئەزموونی،کە بە ڕێگەی ستراتیژیەتی (PQ4R)بابەتی مێژوودەخوێنن،وە پۆلی (ب) نوێنەرایەتی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دەکات،کەبە ڕێگای ئاسایی بابەتی مێژوو دەخوێنن،کۆمەڵەی ئەزموونی (38) قوتابی وە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش(39) قوتابی بوون،لەدوای بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (spss )بۆ زانستە کۆمەلایەتیەکان،بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان توێژینەوەکە،ئامرازە ئامارییەبەکارهاتووەکانیش بریتین لە (سپیرمان ، پیرسۆن، هاوکۆڵکەی وکرۆنباخ، تاقیکردنەوەی تائی وتاقیکردنەوەی کای2 و لادانی پێوەری وناوەندە ژمێرەیی و جیتمان )تێدا بەکارهێنراوە و(راستگۆیی وجێگیری) دەرهێنرا،ئەنجامە دەرکەوت کە کۆمەڵەی ئەزموونی لە دەستکەوتی خوێندیان لەبابەتی مێژووی گۆرانکاری بەرچاوی بەسەرداهاتووە، ئاستیان بەرزبووەتەوە،ئەمەش لەبەر کاریگەری ستراتیژیەتی(PQ4R ) بەسەرکۆمەڵەی ئەزمونی جێبەجێکراوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

### 1.1 پێشەکی

ڕێگا و ستراتیژەکانی لەم ساڵانەی دوایدا پێشکەوتنی زۆری بەخۆیانەوە بینیوە، کە ئامانجیان بەدەستهێنانی فێرکردنی کاریگەرتر و گەشـــەپێدانی زیاتر بە بەهێزکردنی پرۆســـەی فێربوونی خودی و کارلێکی زیاتری قوتابی لەگەڵ مادە زانســـتییەکان، ئەم گەشـــەپێدانانە بنەمایەکن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی هاوچەرخ،.(الخطیب، 2009 ،ل20–25).

ئامانج لە پەروەردە بریتیە لە دروســـتکردنی گۆڕانکاری دیاریکراو لە ڕەفتاری قوتابیان، وە ئەم گۆڕانکاریانە لە بوارەکانی گەشـــەپێدانی مەعریفەو و تێگەیشـــتن و وەرگرتنی کارامەییەکان و توانای بیرکردنەوەی دروســـت دەبێت، ئەوانەش بەدی دەهێنرێن لەڕێگەی ســـتراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوەی ســـەردەمیانە.(عبدالامیر وأخرون ، 2012،ل 8).دەربڕینی "ســـتراتیژی" لە بواری پەروەردەدا زاراوەیەکی تا ڕادەیەک نوێیە.(عبدالله ، 2016،ل 15).ســـتراتیژەکانی وانەوتنەوە بەمانای ڕێچکەی گەیشـــتن بە ئامانجەکان دێت، یان چوارچێوەی ڕێنمایەکارە بۆ شـێوازەکانی کارکردن و ڕێگاپێشـاندەرێکە ، بە مانای هونەری بەکارهێنانی ئامرازەکانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان. (عینو، 2019، ل60)گرنگیدان بە ستراتیژە تایبەتەکانی وانەوتنەوە کارێکی بنەڕەتییە بۆ بەدیهێنانی فێربوونی کاریگەر و بەردەوام(الزهرانی ، 2011، ل110 –112). لە نێوان ئەم ســـتراتیژیانە، ســـتراتیژی( PQ4R ) یەکێک لە کاریگەرترین ڕێگەکان لە باشـــترکردنی دەستکەوتی خوێندنی قوتابیان، چونکە پشت بە هەنگاوی ڕێکخراو دەبەستێت کە یارمەتی قوتابیان دەدات لە وەرگرتن و تێگەیشـــتنی قووڵی زانیاری،.(قطامی ، 2004،ل 140).کە "تۆماس و ڕۆبینســـۆن" (Thomas & Robinson) گەشـــەیان پێداوە، ئامانجی گەشـــەپێدانی هۆشـــیاری تاکی یە لە ڕێگەی پرۆســـەی تێگەیشـــتن.(العتوم، 2004) (Trianto,).هەروەها شـەش پیتەکە بۆ ستراتیژی ( PQ4R)، بەم مانایانەی خوارەوە دێن ، (P)لە وشـەی preview وەرگیراوە کە مانای پێشـــبینیکردن تایبەتمەندیەکانی دەقی خوێندراوە بە دانانی تێروانینێکی ســـەرەتایی بۆ زانینی بیرۆکە سـەرەکیەکان، وە پیتی (Q) لە وشـەی Question وەرگیراوە کە مانای دانانی پرسیار سـەبارەت بە بابەت لە ناوەرۆکی خوێندراو، وە پیتی (R) یەکەم لە وشـەی Read وەرگیراوە کە مانای بخوێنەوە دەدات، و پیتی (R) دووەم لە وشـەی Reflect وەرگیراوە کە مانای تێرامان دەدات، و پیتی (R) سێیەم لە وشـەی Recite وەرگیراوە کە مانای ببیبستە دەدات، بەڵام پیتی (R) چوارەم لە وشـەی Review وەرگیراوە کە مانای پێداچوونەوە دەدات.(طیبی ، واخرون ،2009)لە بواری دەســـتکەوتی خوێندن ، لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ســـتراتیژی PQ4R بە شـــێوەیەکی بەرچاو هاوکاری باشـــترکردنی ئاســـتی قوتابیان دەکەن، بەتایبەتی لەو بابەتانەی کە پێویســـتیان بە وەرگرتنی زانیارییەکان هەیە، وەک بابەتی مێژوو .(عبدالباری ، 2014 ،ل 90).مێژوو ئەو لقەی زانستە کە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاریە سـەبارەت بە ڕابردوو و دڵنیابوون لێی و شـیکردنەوە و لێکدانەوەی، چونکە ڕووداوەکانی ڕابردوو بە زنجیرە و بەردەوام تۆمار دەکات بەڵام تەنها لە تۆمارکردنی ئەم ڕووداوانە نامێنێتەوە بەڵکو لە ڕێگای پرۆسـەی شـیکردنەوە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان ئەو لایەنانە زانستی مێژوو پێکدەهێنن.(العجرش ، 2013،ل 33).

**2.1:گرنگی توێژینەوە :** ئەلفتلاوی (2016) ئاماژە بەوە دەکات کە وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژی PQ4R پەرە بە تواناکانی قوتابیان دەدات لە ناسینەوەی بیرۆکەی سەرەکی و زانیارییە پشتگیرییەکان، تێگەیشتن لەو ڕاستیانەی کە لە دەقەکەدا نووسراون و جێگیرکراون، و دەرهێنانی ئەو بیرۆکانەی کە لەناو دەقەکەدا هەن (ئەلفتلاوی، 2016، ل332).

گرنگی پەروەردەیی ستراتیژی PQ4R بەم شێوەیە کورتکراوەتەوە:(Attia, 2010, p. 161)

1–یارمەتی قوتابیان دەدات زانیاریەکان بپارێزن و بەبیریان بهێننەوە و زانیارییەکانی پێشوویان چالاک دەکات.

2–قوتابی توانای زیاتری ئاگاداربوون و ڕێکخستنی زانیاری نوێ دەکات، ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی لە بیرەوەری کورتخایەنەوە بۆ بیرەوەری درێژخایەن.

–3توانای قوتابی زیاد دەکات بۆ پرسیارکردن و درووستکردنی پرسیارەکانی پەیوەست بە بابەتێکی دیاریکراو.

4-هەڵوێستێکی ئەرێنی بەرامبەر بەو مادەیەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت پەروەردە دەکات، لەگەڵ دەرفەتی فیدباکێکی دەستبەجێ.

5-سەربەخۆیی فێربوونی قوتابیان پەرە پێدەدات.

6- زانیاری پێشوەختەی قوتابیان چالاک دەکات.

7- تێگەیشتنی قوتابیان لە خوێندنەوەی باشتر دەکات.

8- توانای خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە پەرە پێدەدات.

9- بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ستراتیژی PQ4R لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لە نێوان قوتابیانی پۆلی یازدەی ئامادەییدا.

گرنگی ستراتیژی ( PQ4R) لەوەدایە کە یەکێکە لە ستراتیژەکانی ئەودیوی مەعریفە، وەستراتیژێکە لەسەر ڕوونکردنەوە و وردەکاری دامەزراوە (عەفانە،و یوسف، 2007،ل 189). هەروەها ستراتیژێکە کە یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی خوێندنەوە و بیرهێنانەوە و تێگەیشتن لەلای قوتابیان و یارمەتیان دەدات بۆ گەیشتن بە زانیاریەکانی پێشوتر و فراوانکردنی پڕۆسەی فێرکردن و فێربوون تاکو بە تواناتربن  لەسەر خوێندنەوە و جیاکردنەوە و پاراستنی زانیاری و گواستنەوەی شارەزایی و کارامەییەکان (عەلوان، 2015،ل 373).

ستراتیژی نوێی جۆراوجۆر بەشدار دەبێت لە دیاریکردنی ئەم ئامانجە، ئەگەر بڵێین قوتابی یەکێکە لە توخمەکانی پڕۆسەی فێرکردن وە پرۆگرام توخمێکی ترە، ئەوا شێوازی فێرکردن ئامرازی پەیوەندیکردنە لە نێوان دوو توخمەکەدا، ڕێگای  وانەوتنەوە ئامرازی بەستنەوەی نێوان ئەو دوو توخمەیە ، ئەم شێوازە بریتیە لە چۆنیەتی ئامادەکردنی بارودۆخی پەروەردەیی گونجاو و دەوڵەمەندکردنیان بە زانیاری، کارامەیی و هەڵوێست و بەها خوازراوەکان،  ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە قوتابی ئاراستە بکرێت، وە ئەزموون و کرداری پەروەردەیی بەنرخیان بۆ دابین بکرێت لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان.  (الحسني، 2011،ل 227).

شێوازە ئاساییەکان وەک وانەگوتنەوە و گفتوگۆ و فێرکردنی ڕاستەوخۆ دەتوانن پڕۆسەی فێرکاری  بکەن بە پڕۆسەیەکی "بانکی" کە لەسەر گواستنەوەی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ قوتابی بە شێوەی ڕاستەوخۆ دامەزراوە، دواتر قوتابی دەبێت بیپارێزێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ مامۆستا لە ڕێگەی تاقیکردنەوە جیاوازەکان، هەروەها ڕێگا ئاساییەکان ڕەنگە مامۆستا بکەن بەهەناردەی زانیاری و قوتابی بە وەرگری زانیاری، ئەمەش بەشێوەیەکی تر بەشدارە دورکەوتنەوە و کارلێکی نێوان قوتابی و مامۆستایان لە ژینگەی پۆل و قوتابخانە (زیتون ،2013،ل 15- 16)

**3.1. کێشەی توێژینەوە :**

لە ڕێگای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە، کە توێژەران وەک مامۆستا  بۆیان دەرکەوت ،کەلاوازی لە دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابیان لەبابەتی مێژوو بوونی هەیە، ئەم کێشەیەش بەهۆی چەندین هۆکارەوە سەرهەڵدەدات لەوانەش خودی بابەتەکە کە بۆ قوتابیان تائاستێک بەوشک دادەنرێت جونکە ئارەزووی فێربونیان کەمدەبێتەوە هەروەها ئەو ڕێگاو شێوازانەش کە ماموستایانی بابەت پەیرەوەی دەکەن لەوتنەوەی بابەتی مێژوو ئەمەش زیاتر وا لە قوتابیان دەکات کە لەم بابەتە بێزاربن و  سودی لێ وەرنەگرن جونکە ئەو ڕێگایانە کەبەکاردێن لەوتنەوەی وانەکە زیاتر ڕێگا کۆنەکانن وەک ڕێگای وتاری کە لێرەدا قوتابی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری نابێت لە بەشداربوونی لە وانەکە جونکە تنها گوێگرەو وەرگرە،کە پالنەری بێزاری زیاتردەکات ، وەبیرو هۆشی لای وانەکە نیە کە، وای کردووە تێگەیشتن لە بابەت کەمبێتەوەو زیاتر بابەت لەبەربکەن بۆکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە زۆرجاریش دەبێتە هۆی لە بیرجوونەوەیان و بەیادنەهاتنەوەیان لەکاتی تاقیکردنەوە کە، هۆکاری لاوازی ئاستی دەستکەتی قوتابیانە لە تاقیکردنەوەکاندا، بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم کێشە یە و چارەسەرکردنی، پێشنیاری بەکارهێنانی ستراتیژی PQ4R  دەکەن بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابیان لە بابەتی مێژوو. وە دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژەکە، لە چارەسەری گرفتی تێگەیشتن و لەیادنەکردنی بابەتی  مێژوو لای قوتابیان.

**4.1 . ئامانجی توێژینەوە :**

1-زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی PQ4R لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی یانزەمی ئامادەیی/وێژەیی.

**5.1 . گریمانەی توێژینەوە :**

1-جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لەسەر ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونگەری کە بابەتەکە دەخوێنن بە پێی ستراتیژی( PQ4R )و ناوەندە ژمێری نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بە ڕێگای ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەبابەتی مێژوو.

**1 . 6 سنووری توێژینەوە :**

**1 .6.1**.سنوری مرۆیی : بریتیە لە قوتابیانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی لە خوێندنی بەیانیان کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر.

2.6.1.سنوری کاتی :وەرزی دووەمی خوێندنی ساڵی خوێندنی(2024-2025)

3.6.1.سنوری شوێنی :قوتابخانەی ئامادەیی سازانی کچان لە ناوەندی هەولێر.

4.6.1.سنوری بابەتی بەشی چوارەم و بەشی پێنجەمی پەرتووکی مێژوو بۆ پۆلی یازدەمی وێژەیی.

**1. 7-پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە :**

**1.7.1.کاریگەری (اثر):**

عەتیە (2008) پپێناسەی کردووە: کارێکی ڕێکخراوە کە بە پێی پێوەری دیاریکراو کاردەکات ئامانجی پێوانی دەستکەوتی قوتابیانە، لە ڕاستی و چەمک و کارامەییەکان لە دوای بابەتێکی خوێندراو، یان یەکەیەکی خوێندن، یان بەرنامەیەکی پەروەردەیی (عەتیە، 2008،ل 300).

**پێناسەی کرداری توێژەر :** ئەو گۆڕانکارییە کە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (PQ4R) لە دەستکەوتی خوێندن و کەمکردنەوەی داخستنی مەعریفی لای قوتابیانی پۆلی یازدەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوو دوای جێبەجێکردنی ئەزموونەکە لەسەریان دروستیدەکات.

**2.7.1 ستراتیژی** (PQ4R)

تۆماس و ڕۆبینسۆن :(Thomas and Robinson, 1982) وەک کۆمەڵێک کارامەیی خوێندن کە یارمەتیدەر دەبێت لە پرۆسەی باشترکردنی تێگەیشتن و وەرگرتنی بابەتی خوێندراو، کاتێک مەبەستی مامۆستا گشتگیر بێت بۆ ناوەڕۆکە زانستیەکە، دەبێت یارمەتی قوتابی بدات بۆ تێگەیشتنی باشتر و جەختکردنەوە و پاراستن و مانەوەی باشتر ی زانیارییەکان. (Thomas and Robinson, 1982, 142)

پێناسەی توێژەران :ئەو ڕێگاو ئامراز وشێوازانەن کەلەلایەن ماموستاوە بەپلانێکی ڕێگ و پێک لە پۆلدا،پەیرەودەکرێت،بەمەبەستی هێنانەدی ئەوئامانجە پەروەردەیانەی کەپێشوەختە دیاری کراونئەمەش بە شەش هەنگاو جێبەجێدەکرێت Pواتە (Preview) تەماشاکردنی پێشەکی لەسەر بابەتەکە و خوێندنەوەی تایبەتمەندی سەرەکیەکانی، پیتی Q واتە (Question) خستنەڕووی پرسیار، وە R 4 لە چوار وشە پێکدێت کە دەستپێدەکەن بە وشەی بخوێنەوە Read، بیرکردنەوەReflect ، بیستنRecite ، وە Review پێداچوونەوە) .

**3.7.1.دەستکەوتی خوێندن:**

(ئیبراهیم، 2014)دەرئەنجامی فێربوونی ڕاستەقینەی قوتابیانە لە جۆراوجۆر بابەتە خوێندراوەکانی قوتابخانە، هەروەها ئاماژە دەکات بۆ ڕاستی دەستکەوتەکانیان لەسەر بنەمای فێربوون وخوێندنیان،لە بەدەستهێنانەکانیان. (ئیبراهیم، 2014،ل 220)

پێناسەی توێژەران :

گەیشتنە بە ئاستێک لەئەنجامی پروسەکی بەردەوامی ڕێکخراودا،بەهۆی کرداری فێربوونەوە ڕوودەدات، ئەمەش بەهەوڵ وماندووبونی ماموستا لەقوتابخانەوە سەرجاوەدەگرێت،کە قوتابی بتوانێت بگات بە ودەستکەوتەی کەلەکۆتایی ئەزموونەکە بەدەستی دێنێت لە ئەنجامی تاقیکردنەوە بەدەستهێنانی نمرە لە بابەتە خوێندراوەکان.

### 4.7.1.مێژوو (History ) :

(ابودية ،2011) :مێژوو لقێکه له لقەکانی زانست، ئامانجی کۆکردنەوەی داتایە لەسەر ڕابردوو و ڕووداوەکانی و دڵنیابوونەوە لێیان و تۆمارکردنیان بە پێی بەدوایەکدا و دڵنیابوونەوە لە دروستی و ڕوونکردنەوەیان و دەرخستنی پەیوەندی لە نێوانیاندا و ڕوونکردنەوەی پەیوەندی هۆکارو دەرئەنجامەکان، مێژوو ژیانی نەتەوە و کۆمەڵگەکانە، بۆچی؟ وەچۆن؟ گەشەیان کردوە (ابودية، 2011،ل 47).

### 5.7.1.قوتابیانی پۆلی یازدەم:

ئەو قوتابیانەن کە لەسەر کورسی خوێندن لە پۆلی یانزەمدا لە یەکێک لە قوتابخانە حکومیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە سەر بە پارێزگای هەولێر دادەنیشن، کە تەمەنیان لە نێوان 15–16 ساڵدایە لە ماوەی خوێندنی 2025– 2024 (توێژەران).

## دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

### 1.2.گەشەکردنی چەمکی ستراتیژی:(PQ4R)

ستراتیژی (PQ4R) یەکێکە لە ستراتیژیەکانی سەرووی معریفە(ماوراء المعرفه) کە پەیوەستە بە تیۆری ئامادەکاری چارەسەرکردنی زانیاریەکان، کە بەم دوایيانە لە زانستی دەروونناسیدا دەرکەوتووە لەسەر دەستی توێژەری زانستی دەروونناسی، زانا جۆن فلیڤڵ (John Flavel) لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا. (الشربيني والطنطاوي، 2006،ل 35).

ئەم ستراتیژییە لەسەر دەستی پرۆفیسۆری دەروونناسی(فرانسیس ڕۆبینسۆن (Francis Robinson) لە ساڵی 1979دا دەرکەوت، کاتێک ئەرکی فێرکردنی کۆمەڵێک لە سەربازانی ئەمریکی پێ سپێردرا، بریتی بووە لە فوێرکردنیان بە چەندین تەکنیکی خێرا بە کەمترین کات، لە ڕێگەی قۆناغ بەقۆناغ بەپێی چەند هەنگاوێک وەک (پێشبینیPreview ، پرسیارQuestion ، بخوێنەوەRead ، تێرامانReflect ، گوێگرتن Recite، Review گەرانەوە). (الخليفة ومطاوع،ل 2015، 110 )

پاشان گرنگی بەم ستراتیژییە درا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گەشەی کرد و ئێستاش گرنگی زۆری پێدەدرێت لەلایەن توێژەرانەوە، بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (PQ4R) لەم سەردەمەدا بڵاو بووەتەوە بەهۆی کاریگەریەکەی و تواناییەکەی و کاریگەری ئەرێنی لەسەر یارمەتیدانی قوتابیان بەتایبەت لە بیرهێنانەوەی زانیاری و تێگەیشتن و وەرگرتنی بابەتی وانەکان، وە گەشەکردنی بیرکردنەوە و هەندێک لە کارامەییەکانی خوێندنەوە لەلای قوتابیان، لە ڕێگەی چالاککردن و دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی نێوان زانیاری نوێ و زانیاریە پێشووەکان، بە گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی تیۆری و لێکۆڵینەوەی پەیوەست، دەردەکەوێت کە وانەگوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژی (PQ4R) گونجاوە بۆ ئەو بابەتانەی کە تایبەتمەندی توێژینەوەو بیرکردنەوەی دەوێت وەک بابەتی مێژوو، بەهۆی پشتبەستنی قوتابی بە زانیاریەکانی پێشووتری و تایبەتمەندی مێژوو بە پێکهاتە هەرەمیەکەیدا، وە پێویستی هەبوونی پاشخانی زانیاری بۆ فراوانکردنی زانیارییەکانی داهاتووی،وە بەکارهێنانی لە چالاکی و ڕێوشوێنە زانستیەکان، لەکاتێکدا ئەم تایبەتمەندییە لەگەڵ مێژوو و گرنگی چالاککردنی خودفێربوونی قوتابی یەکتر دەگرێتەوە، لەگەڵ بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، تێکەڵاوبوون، و بەستنەوەی کاریگەری توخمەکانی بابەتی نوسراو لەکاتی خوێندنەوە بە پەیڕەوکردنی زنجیرەیەک ڕێوشوێن و میتۆدی ڕێکخراو، لەگەڵ ئەو دەرئەنجامە هیواخوازانەی بۆ قوتابی لە پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەیدا هەیە. (الحميان، آل عامر، 2021،ل 138)

### 2.2.ئامانجەکانی بەکارهێنانی ستراتیژی(PQ4R) :

1–چالاککردنی لایەنی چەپی مێشکی قوتابیان لە ڕێگەی خوێندنەوەی بابەتەکان و تێرامان تێدا و دووبارە گەرانەوە بۆ زانیارییەکە، وە گەشەکردنی بیرکردنەوەی پەیوەستگەرایی لە ڕێگەی پرۆسەی پەیوەندیکردنی زانیاری نوێ بە زانیاریە پێشووەکانی قوتابی و بیرهێنانەوەی.

2-کاردەکات لەسەر چالاککردنی زانیاریەکانی پێشوترو ئاگایی لە ڕێگەی ڕێکخستنی زانیاری نوێ و دووبارەکردنەوەی گوێگرتنەوە و گێڕانەوەی زانیاری بنەڕەتی و ئاسانی وەرگرتنی ئەو زانیاریانەی خراونەتە ڕوو لە ڕێگەی وانەگوتنەوەی مامۆستایان، و ئەم کردارە لایەنی چەپی مێشک بەئاگادەهێنێت چونکە ڕۆڵ دەگێڕێت لە پرۆسەی چالاککردنی مێشک. (عفانة والجیش، 2009،ل 189).

**3.2. ڕۆڵی مامۆستا و قوتابی لە کاتی جێبەجێکردنی ستراتیژی:PQ4R**

1-ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژی(PQ4R) دا سنووردارە تەنهابە ئەرک پێدانی قوتابیان لە بابەتی وانەکانە، کەیارمەتیان دەدات لە پێشبینیکردنی ناوەرۆکە سەرەکیەکان و لقەکان و پرۆسەی پوختەکردنیان،

2-ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژی (PQ4R) لەوکاتەی بابەتی وانەکە درێژ بێت و بابەتی چڕی تێدا بێت، و تێگەیاندنی قوتابیان ئەم جۆرە فێربوونە باشە و سوودی هەیە لە حاڵەتی گەڕاندنەوەی زانیاری لە یادگەی درێژخایەن. (عفانة، والجیش، 2009،ل 190).

**4.2.هەنگاوەکانی ستراتیژیPQ4R**

.1پێشبینی:Preview : لەم هەنگاوەدا قوتابی ئاوڕێکی گشتی دەداتە سەر بابەتەکە، سەیری سەردێڕ و بیرۆکە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە دەکات کە دەخوێندرێتەوە.پوختەیەک بخوێنەرەوە ئەگەر بە پوختەیەک کۆتایی هات، و هەوڵبدە پێشبینی ئەوە بکەیت کە بابەتەکە ڕەنگە باسی چی بکات.

-2پرسیارکردن:Question : لەم هەنگاوەدا قوتابی پرسیارێک دەخاتە ڕوو کە پێیان وایە دەقەکە دەتوانێت وەڵامی بداتەوە.

.3خوێندنەوە:Read: لەم هەنگاوەدا قوتابی هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە کە لە دەقەکەیدا کە دەیخوێنێتەوە.

.4بیرکردنەوە:Reflec : لەم هەنگاوەدا قوتابی بیر لەو بابەتە دەکاتەوە کە دەیخوێنێتەوە، هەوڵدەدات ئەو زانیارییە نوێیانەی فێری بووە بەو زانیاریانەی کە پێشتر لە پێکهاتەی مەعریفی خۆیدا هەڵیانگرتووە، ببەستێتەوە.

5. بیستن:Recite لەم هەنگاوەدا قوتابی ئەو وەڵامانەی فێری بووە بە دەنگی بەرز یان بە بێدەنگی دووبارە دەکاتەوە، واتە بە زارەکی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

6- پێداچوونەوە: Reviewلەم هەنگاوەدا قوتابی پێداچوونەوە بەو شتانەدا دەکات کە فێری بووە و لەوانەیە دووبارە بابەتەکە بخوێنێتەوە ئەگەر هەستی کرد پێویستە ئەوە بکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی وردی وەڵامەکانی و ئەوەی کە ئەو ئامانجانەیان بەدەستهێناوە کە لە پرسیارەکانیدا دەربڕدراون. (Thomas & Robinson, 1982, pp. 45–46)

**5.2.هەنگاو و ڕێکارەکانی قوتابیان لەستراتیژیPQ4R**

1-قوتابی پێشوەختە دەقەکە دەخوێنێتەوە بە پشکنینی سەردێڕی سەرەکی و پوختەکە، و ئاشنابوون بە پێکهاتەکانی.

2- قوتابی ئەو پرسیارانە دەخاتە ڕوو کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە دوای خوێندنەوەی دەقەکە و پشکنینی پێکهاتەکانی.

3-قوتابی بە دووبارە خوێندنەوەی وردەکاری و سەردێڕی سەرەکی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت.

4-قوتابی هەوڵدەدات بە وردی بیربکاتەوە و بیربکاتەوە و بخوێنێتەوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان زانیارییە نوێیەکان و بیرۆکەکانی پێشوویان.

5-قوتابی گوێ لە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەگرێت بەبێ ئەوەی سەیری کتێبی خوێندن بکات، یان بە دەنگی بەرز یان بە بێدەنگی.

6-قوتابی پێداچوونەوە بە کتێبی دەرسیدا دەکات بە خوێندنەوەی دووبارە ئەگەر پێویست بوو و هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پێشتر خراونەتەڕوو. (العجرش ، 2013،ل 94).

**6.2.چەمکی دەستکەوت:**

.دەستکەوت ڕاستییەکان، لێهاتوویی، مەیل و بەهاکان و هەروەها لایەنە مەعریفی و کارامەیی و سۆزدارییەکان لەخۆدەگرێت. سەرەڕای سروشتی فراوانی چەمکی دەستکەوت، ئێمە بەزۆری بە دەستکەوتی خوێندکاران یان

بەدەستهێنانی ئەوەی کە سیستەمی پەروەردەیی ئامانجیەتی ناوی دەبەین. پەیوەندییەکی نزیک بە قوتابخانەکەوە هەیە.( Kumar, 1985, p10)

عیسوی (2007) باسی ئەوە دەکات دەستکەوت لە توانە عەقڵیەکانە کە ئاماژەیە بۆ ئەنجام یان دەربرینێکی سەرکەوتوو یان وەرگرتنی بابەتەکانی خوێندن و تێگەیشتن لێیان و توانای بەکارهێنانیان، هەروەها قوتابی پێویستی بە هاندەرێک هەیە بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی دەستکەوت کاتێک هەست بە رازیبوونی خودی دەکات ، هەرکاتێک بەدەستی بهێنێت یان تێبگات یان یان کارێک تەواو بکات، دەستکەوتی باش دەبێتە هۆی سەرکەوتن و بەرزبوونەوە لە هەردوولایەنی پیشەیی و خوێندن (العیسوی، 2007، ل64).

(خفاف 2011) پێی وایە کە دەستکەوت لە پێوەرە سەرەکیەکانە بۆ ئاشکراکردنی بەتواناکان، بە بەکارهێنانی تۆمارە فێرکاریەکان، چونکە دەستکەوت یەکێکە لە ڕووکارە بنەڕەتیەکانی چالاکی عەقڵی و کارکردنی پیشەی لەلای قوتابی (خفاف، 2011،ل 268).

### 7.2.شیکار و بەراوردی نێوان توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەران لە هەوڵی بەدەستهێنانی توێژینەوکانی پێشوو لەسەرهەمان بوار لەدوای گەڕان و ووردبوونەوەی بۆ توێژینەوەکانی پێشوو، کەئەنجامدراون بە تایبەتی ئەو توێژینەوانەی کە نوێن، توێژەر هیچ توێژینەوەیەکی ئەنجامدراوی هاوشیوەی نەبینی لە ستراتیژیەتی PQ4R لەسەر دەسکەوتی خوێندن و کەمکردنەوەی داخستنی مەعریفی پێکەوە ئاوێتە کرابێت، بەڵام چەند تویژینەوەیەکی بەدەستهێنا لە بارەی ستراتیژی PQ4R لەسەر گۆڕاوی تر، جگە لەوە توێژەر بە باشی زانی بەمەبەست ئاماژە بکات بە چەند توێژینەوەیەک لەو توێژینەوانەی کە کاریگەری ستراتیژیەتی PQ4R لە وانەوتنەوەیان بەکارهێناوە لە بابەتی مێژوو.

### 1.7.2.لە ڕووی نموونەی توێژینەوە و قۆناغی خوێندن :

توێژینەوەکانی پێشوو لە هەر دوو تەوەر لە ڕووی نموونە و قەبارە و ڕەگەز و قۆناغی خوێندندا جیاوازیان هەیە، سەبارەت بە تەوەری یەکەم لە نێوان (34–62)، بەشێوەیەک بچووکترین نموونە توێژینەوەکەی (الجبوري و الخزاعي، 2015) بریتییە لە (34) قوتابی لە ڕەگەزی نێرە ، گەورەترین نموونەش لە تویژینەوەکەی (الحمیان، و آل عامر ، 2021) دەگاتە (62) قوتابی لە ڕەگەزی مێیە. بەڵام لە تەوەری دووەم قەبارەی نموونەکان دەکەوێتە نێوان (30–450)، بەشێوەیەک بچووکترین نموونە گەورەترین نموونەش گەورەتریین نموونەش لە تویژینەوەکەی (الشهری : 2006) کە بریتییە لە (1644) قوتابی لە هەردوو ڕەگەز (نێر و مێ).

سەباەت بە نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ( 77 ) قوتابی کچ لە پۆلی یازدەی ئامادەیی لە لەقوتابخانەی ئامادەیی سازانی کچان،لەسنوری بەرێوبەرایەتی پەروەدەی ناوەند لە پارێزگای هەولێر.

### 2.7.2.لە ڕووی قوناغەکانی خوێندن:

ئەو توێژینەوانەی لە قۆناغی دواناوەندی و ئامادەیی ئەنجامدراون بریتین لە توێژینەوەی (الحمیان، و آل عامر ،2021) و توێژینەوەی (الجبوري و الخزاعي ، 2015) و (الشهری ، 2006)سەبارەت بەقۆناغی ئەم توێژینەوەیەش ئەوا بریتییە لە قوتابیانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی (سازانی کچان) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

### 3.7.2.لە ڕووی ئامانجی توێژینەوە:

توێژینەوەکانی پێشوو لە ڕووی ئامانجەکانیانەوە جیاوازن ئەویش بە پێی کێشەکانیان و گۆڕاوەکانیان و ئەو قۆناغانەی خوێندن، کە لەسەریان جێبەجێکراون،

**کە** تویژینەوەکانی پەیوەست بە دەستکەوتی خوێندن لەوانە توێژینەوەی (الحموي، و الاحمد ، 2010) کە ئامانجی دۆزینەوەی پەیوەندی و کاریگەری هاوبەشی نێوان خودچەمکی و دەستکەوتی خوێندن لە نێوان قوتابیانی پۆلی پێنجەم لە خوێندنی بنەڕەتی (خولی دووەم) لە قوتابخانە فەرمییەکانی پارێزگای دیمەشق.هەروەها لەم توێژینەوەیە ئامانج بریتییە لە دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژیەتی PQ4R دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی لە بابەتی مێژوو.

**4.7.2.لە ڕووی ڕێبازی توێژینەوە:**

ڕێبازی بەکارهاتوو لەم توێژینەوانەی خراونەتەڕوو بەشێکی زۆری بریتیە لە ڕێبازی ئەزموونی هەروەک لە توێژینەوەکانی توێژینەوەی (الحميان، و آل عامر ، 2021) و وتوێژینەوەی (الجبوري و الخزاعي، 2015)، توێژینەوەی،هەروەها سەبارەت بەم توێژینەوەیە ئەوا ڕێبازی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەکارهاتووە.

**5.7.2. لە ڕووی بابەتی فێرکاری:**

توێژینەوەکانی پێشوو لە ڕووی بابەتی فێرکاری بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونەکان لەسەریان جۆراوجۆرن، ئەوەی پەیوەستە بە توێژینەوەکانی وەک توێژینەوەی (الحموي، و الاحمد ، 2010) لەسەر دەسکەوتی خوێندن. سەبارەت بە بابەتی فێرکاری ئەم توێژینەوەیەش توێژەر بابەتی مێژووی هەڵبژاردووە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارییەکانی ئەزموونەکە.

**6.7.2. ڕێکاری هاوتاکردنی گروپەکان:**

لە زۆربەی توێژینەوە ئەزموونییەکاندا بریتییە لە تاقیکردنەوەی تەمەنی قوتابی و ئاستی خوێندنی دایکان و باوکان و ئەنجامی تاقیکردنەوەی بابەتی مێژوو و پێوەرێکی دیاریکراو بە پێی پێویستی توێژینەوەکە.

**7.7.2. هۆکارە ئامارییەکان:**

توێژینەوەکانی پێشوو لە بەکارهێنانی هۆکارە ئامارییەکان لە یەکتری جیاوازن ئەویش بەهۆی ئامانجەکانی هەر توێژینەوەیەک و ژمارەی گریمانەکان و سروشتی گۆڕاوە سەربەخۆ و پاشکۆکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو هۆکارە ئامارییانەی لە هەر سێ تەوەری توێژینەوەکان بەکارهاتوون بریتین لە(تاقیکردنەوەی تائی و ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پیوانەیی و نمرەی ئازاد و بەهای تاقیکردنەوەی تائی هاوکۆلکەی پەیوەستی پیرسون و هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ).

سەبارەت بەم توێژینەوەیەش ( تاقیکردنەوەی تائی و ناوەندەژمێرەیی و لادانی پیوانەیی و نمرەی ئازاد و بەهای تاقیکردنەوەی تائی هاوکۆڵکەی پەیوەستی پیرسون و هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ و (معامله التميز) و بەرزترین و نزمترین نمرە و هاوکۆلکەی ئاسانی و گرانی و پیشەکی و پاشەکی و چەندین هۆکاری تری ئاماریی SPSS ).

**8.7.2. ئەنجامی توێژینەوەکان:**

ئەو ئەنجامەی کە توێژینەوەکانی پێشوو پێگەیشتوون هەموویان جەخت لەسەر کاریگەری ئەرێنی دەکەنەوە لە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (PQ4R) لەسە ر دەستکەوتی خوێندن وەک گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکانی وەک (ئاستی دەستکەوتی خوێندن و ئاستی نمرەکانیان .

توێژینەوەی(الحميان، و آل عامر ،ل 2021) دەرەنجامە کردارییەکانی توێژینەوەکە دەریخستووە، کاریگەری وانەوتنەوە یەکەی تەریبی و ستوونی بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (PQ4R) لە پەرەپێدانی تواناکانی چارەسەرکردنی کێشەی بیرکاری لەنێو قوتابیانی کچانی پۆلی یەکەمی ئامادەیی و هەبوونی جیاوازی ئاماری بەرچاو لە ئاستی گرنگی (0.05) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵ و گروپی ئەزموونی لە توانای چارەسەرکردنی پرسیاری بیرکاری بەگشتی،

**9.7.2. سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەران لە توێژینەوکانی پێشوو، سوودمەندبوون،وەک ئەمانەی خوارەوە:

1-دڵنیابوون لە داڕشتنی کێشەی ئەم توێژینەوەیە.
2-شێوازی هەڵبژاردنی ڕێبازی توێژینەوەکە، کە ڕێبازی ئەزموونی یە.
3-جونیەتی داڕشتنی گریمانەکان و ئامانجەکانی توێژینەوەکە.
4-جونییەتی دانانی چوار چێوەی و داڕشتنی نەخشەسازی و دیزاینی توێژینەوەکە.
5-شێوازی دەست نیشانکردنی کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە
6-چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە.
7-سود وەرگرتن لەو سەرچاوانەی کە پەیوەستن بە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە.
8-لە ڕووی چۆنیەتی دانانی پلانی وانەوتنەوە

**سێیەم : ڕێکارییەکانی توێژینەوە:**

**1.3 ڕێبازی توێژینەوە :**

توێژەران ڕێباز توێژینەوەی ئەزموونی بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکەی، بەهۆی گونجانی لەگەڵ سروشتی کێشەی توێژینەوەکە.بڕوانە خشتەی ژمارە (**1.3**). خشتەی(خستنەڕووی نەخشەسازی ئەزموونی توێژینەوەکە)

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | هۆبە | گۆڕاوە سەربەخۆکان | گۆڕاوە پاشکۆکان | تاقیکردنەوەکانی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | أ | ستراتیژی PQ4R | دەستکەوتی خوێندن | دەستکەوتی خوێندن |
| کۆنترۆڵکراو | ب | ڕێگای ئاسایی | | |

**2.3کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە :**

سەرجەم ئەو پێکهاتانە ی کە توێژەر کاری توێژینەوەی لەسەردەکات( ملحم، 2011،ل 149 )، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ( قوتابیانی کچی پۆلی یازدەمی وێژەیی ) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025) کە دەکاتە ( 1001 ) قوتابی، وە بۆ پراکتیزەکردنی کاری توێژینەوەکەش قوتابخانەیەک هەڵبژێردراوە.

**3.3 -نموونەی توێژینەوە:**

بەشێکە لە کۆمەڵگا کەتوێژینەوەی لەسەرئەنجامدەدرێت. (عودەواحمد،2000،ل 171)

توێژەر قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی(سازانی کچانی )بۆ نموونەی توێژینەوەکە ی هەڵبژارد، نموونەی توێژینەوەکە لە دوو پۆل پێکهاتبوون،پۆلی (أ )و پۆلی ( ب) و کە بەڕێگەی هەرەمەکی پۆلی (أ )دیاری کرا بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی وە پۆلی ( ب)دیاریکرا بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ،کە ژمارەی قوتابیان لە هەردوو کۆمەڵە (77) قوتابی بوون، ( 38) قوتابی پێکهاتەی کۆمەڵەی ئەزموونی،(39 ) قوتابی لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوبوون. بڕوانە خشتەی ژمارە (3.3).

خشتەی (3.3) دابەشکردنی قوتابیانی نموونەی توێژینەوە

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | پۆل | ژ.قوتابیان پێش دورخستنەوە | ژ.قوتابیان دوای دورخستەوە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | أ | 38 | 38 |
| کۆنترۆڵکراو | ب | 39 | 39 |
| کۆی گشتی قوتابیان | | 77 | 77 |

**4.3-هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە :**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی ئەزموونی بریتی یە لە هاوسەنگی کۆمەڵەکانی توێژینەوە( حمد سعید، 2014، ل38)بەتەواوی ئەندامانی نمونەی ئەم توێژینەوەیە لە یەک قوتابخانە دان هەروەها لە ژینگەیەکی هاوبەشدان، ئەمەش لەوانەیە کاریگەری لەسەر لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ئەنجامی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکە هەبێت، هەر بۆیە توێژەر بە پێویستیزانی کار لەسەر هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە بکات لە ڕووی ئامارییەوە کە ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە هاوسەنگبکرێن:

1- تەمەنی قوتابیان هەژمارکراو بە مانگ.

2- پێوانەی ئاستی زیرەکی .

3- دەستکەوتی خوێندنی باوکان .

4- دەستکەوتی خوێندنی دایکان .

5- نمرەی قوتابیان لە بابەتی مێژووی پۆلی دەیەمی وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024) .

6- تێکرای نمرەی قوتابیان لە پۆلی دەیەمی وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024 )

**1.4.3 تەمەنی قوتابیان هەژمارکراو بە مانگ**:

توێژەران لەرێگای تۆماری تایبەتی قوتابخانە و هەروەها لەرێگای دابەش کردنی فۆرمی کۆکردنەوە زانیاری لەسەر قوتابیان دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی زانیارییەکانی قوتابیان لە قوتابخانەکە لە رێکەوتی ( 2025/1/25) ، توانرا زانیاری مەبەستدار لە قوتابیان بەدەست بهێنێت ، لە هەر دوو کۆمەڵەکە پاشان دەستیکرد بە تۆمارکردنی داتا خواستراوەکانی،تایبەت بە تەمەنی قوتابیان و هەژمارکردنی تەمەنیان بەمانگ ، بە مەبەستی هاوسەنگکردنی هەردوو کۆمەڵەکە،و دواتر داتاکان خرانە نێو چوارچێوەی چارەسەرکردنی ئامارییەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە جیاواز بەمەبەستی زانینی لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە نێوان قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە لەم گۆڕاوەدا ، : خشتەی ژمارە (**1.4.3**)


ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ تەمەنی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە بە مانگ

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای t. test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ | | | بەڵگەدار لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | Sig. | |
| ئەزمونی | 38 | 209.68 | 8.706 | 75 | 1.408 | 1.992 | 0.163 | بەهادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 39 | 213.21 | 12.798 | | | | | |

چونکە Sig. > 0.05 .

لە خشتەی (**1.4.3**)دەردەکەوێت بەهای( T ) ئەگەری یەکسانە بە ( 163 . 0) ، کە گەورەترە لە رێژەی هەڵە (0.05) بە نمرەی ئازادی (75 ) ، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەکە ، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا.

شێوەی ژمارە (1.3 ),تەمەنی قوتابیانی هەژمارکراو بە مانگ




**2.4.3 -پێوانەکردنی ئاستی زیرەکی:**


توێژەران بەمەبەستی هاوتاکردنی ئاستی زیرەکی قوتابیان لە نێو کۆمەڵەکانی ئەزموونەکەدا، تاقیکردنەوەی ڕاڤن یان(Raven) ئامادەکرد کە بەناوەندی تاقیکردنەوەی داتاشراوە یەک لە دوای یەکەکان ( المصفوفات المتتابعة ) ناسراوە کە پەیڕەو کراو بەیاسایکراوە لە ژینگەی عێراقداجۆری ئەم تاقیکردنەوەیەش کە لەم توێژینەوەیەدا ئامادەکراوە لە گەڵ تەمەن و توانا و ئاستی قوتابیانی قۆناغی ئامادەییدا گونجاوە و لە پێنج کۆمەڵە ( أ، ب، ج، د، هـ ) پێکهاتووە ، بەشێوەیەک کە هەر کۆمەڵەیەک (12برگە) ی لەخۆگرتووە ، کە کۆی گشتی دەکاتە (60) برگە، وە پاش هەڵچنینی پرسیارەکان بەپێی کلیلی ڕاستکردنەوە قوتابی بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (1) نمرە ی پێدەدرێت و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (0) ی

پێبدەدرێت ،
لە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی (2025/1/26) تاقیکردنەوەکە بە بەشداری هەردوو کۆمەڵەی ( ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ) لە یەک کاتدا لە دوو هۆڵی جیاوازدا ئەنجامدرا ،دواتر تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە جیاواز بەکارهات بۆ دۆزینەوەی ناوەندە ژمێرەیی هەردوو کۆمەڵەکە ، ئەمەش بەمەبەستی زانینی جیاوازی بەهاداری ئاماری نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرییەکە، وەک لە خشتەی
(**2.4.3**) ڕوونکراوەتەوە :

(2.4.3) خشتەی نیشاندانی دەستکەوتی زیرەکی

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای t. test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ | | | بەڵگەدار لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | Sig. | |
| ئەزموونی | 38 | 34.37 | 6.149 | 75 | 1.536 | 1.992 | 0.129 | بەهادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 39 | 32.31 | 5.616 | | | | | |

چونکە Sig. > 0.05 .
لە خشتەیەی (2.4.3)دەردەکەوێت بەهای( T ) ئەگەری یەکسانە بە (0.129)کە گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (0.05) بە نمرەی ئازادی (75) ، ئەمەش دەرخەری نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، بەمەش هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی زیرەکی دەردەخات .
شێوەی ژمارە(2.3)نمرەی ئاستی زیرەکی




**3.4.3.دەستکەوتی خوێندنی باوکان :**
توێژەران بەمەبەستی زانینی دەستکەوتی خوێندنی باوکی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی نمونەی توێژینەوەکە ئاستەکانی دەستکەوتی بەم شێوەیە دابەشیانکرد بۆ(3) ئاست، کە لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست،کە ئاستەکانیش بریتین لەمانە (بڕوانامەی نییەبۆ بڕوانامەی سەرەتایی ئەم ئاستە ژمارە (1) پێدراوە، بڕوانامەی ناوەندی وبڕاوانامەی دواناوەندی،ئەم ئاستەش ژمارە(2)پێدراوە،بڕوانامەی دبلۆم،بەرەوسەرەوە ژمارە(3)بەم ئاستەش دراوە،کە بەکالۆریۆس، دبلومی بالا، ماستەر، دکتۆرا، لەخۆدەگرێت ) ئەمەش لە ڕێگای دابەشکردنی فۆرمی زانیاری ئاستی خوێندنی باوکی قوتابیانەوە جێبەجێکرا ، لەدوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان، وە دیاریکردنی نمرەکانی هەر ئاستێک،دواتر هاوکێشەی ئاماری ( مربع کای سکویر - کا$^2$ ) بۆ هەردوو کۆمەڵەکان بەکارهێنرا بەمەبەستی دڵنیابوون لە هاوسەنگی نێوان کۆمەڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوکاندا ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون،
کە لە خشتەی ژمارە (**3.4.3**)


ئەنجامی (کا$^2$) بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوکا

| کۆمەڵە | نمونە | ئاستی خوێندەواری باوکان | | | نمرەی ئازاد | بەهای ( کا$^2$ ) | | | بەڵگەدار لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی و نزمتر | ئامادەیی و نزمتر | دبلۆم و بەرزتر | | هەژمارکراو | خشتەیی | Sig. | |
| ئەزموونی | 38 | 13 | 17 | 8 | 2 | 0.680 | 5.99 | 0.712 | بەهادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 39 | 10 | 20 | 9 | | | | | |

* چونکە .Sig > 0.05

بەهای (کا$^2$) لەم خشـــتەیەی (**3. 4. 3**) دەردەکەوێت کە ئەگەری یەکســـانە بە (0.712)کە لە ڕێژی هەڵە (0.05) گەورەترە، بە نمرەی ئازادی (2 ) ئەمە روونی دەکاتەوەکە لە نێوان قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەداکە جیاوازی بەهاداری ئامارییە بوونی نیە، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا.

(شێوەی ژمارە (3.3) دەستکەوتی خوێندنی باوکان)




**4.4.3.دەستکەوتی خوێندنی دایکان** :

توێژەران بەمەبەستی زانینی دەستکەوتی خوێندنی دایکی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی نمونەی توێژینەوەکە ئاستەکانی دەستکەوتی بەم شێوەیە دابەشیانکرد بۆ(3) ئاست، کە لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست،کە ئاستەکانیش بریتین لەمانە (بڕوانامەی نییەبۆ بڕوانامەی سەرەتایی ئەم ئاستە ژمارە (1) پێدراوە، بڕوانامەی ناوەندی وبراوانامەی دواناوەندی،ئەم ئاستەش ژمارە(2)پێدراوە،بڕوانامەی دبلۆم،بەرەوسەرەوە ژمارە(3)بەم ئاستەش دراوە،کە بەکالۆریۆس، دبلومی بالا، ماستەر، دکتۆرا، لەخۆدەگرێت ) ئەمەش لە ڕێگای دابەشکردنی فۆرمی زانیاری ئاستی خوێندنی دایکی قوتابیانەوە جێبەجێکرا ، لەدوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان، وە دیاریکردنی نمرەکانی هەر ئاستێک،دواتر هاوکێشەی ئاماری ( مربع کای سکویر – کا$^2$ ) بۆ هەردوو کۆمەڵەکان بەکارهێنرا بەمەبەستی دڵنیابوون لە هاوسەنگی نێوان کۆمەڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایکاندا ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون، کە لە خشتەی ژمارە (**4.4.3**) دا ڕوونکراوەتەوە :

خشتەی ژمارە (4.4.3)


ئەنجامی (کا$^2$) بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایکان:

| کۆمەڵە | نمونە | ئاستی خوێندەواری دایکان | | | نمرەی ئازاد | بەهای ( کا$^2$ ) | | | بەڵگەدار لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی و نزمتر | ئامادەیی و نزمتر | دبلۆم و بەرزتر | | هەژمارکراو | خشتەیی | Sig. | |
| ئەزموونی | 38 | 17 | 15 | 6 | 2 | 0.189 | 5.99 | 0.910 | بەهادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 39 | 19 | 15 | 5 | | | | | |

* چونکە . 0.05 < Sig.

بەهای (کا$^2$) لەم خشتەیەی (4.4.3 ) دەردەکەوێت کە ئەگەری یەکسانەبە(0.910)کە لەم ڕێژەی هەڵە (0.05) گەورەترە، بە نمرەی ئازادی ( 2) کەواتە جیاوازی بەهاداری ئامارییە لە نێوان قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەکە بوونی نیە، ئەمە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا.

شێوەی ژمارە(4.3) دەستکەوتی خوێندنی باوکان




**3. 4 .5**.نمرەی قوتابیان لە بابەتی مێژووی پۆلی دەیەمی وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی(2023-2024): توێژەر لەڕێگای تۆمارکردنی نمرەی بابەتی مێژووی پۆلی دەیەمی وێژەیی قوتابیانی کۆمەڵەکانی نمونەی توێژینەوەکە هەڵسا بە وەرگرتنی تۆماری نمرەی قوتابیان لە کارگێڕی قوتابخانە، لەدوای تۆمارکردنی داتاکان، بەمەبەستی هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوەدا، تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوونمونەی سەربەخۆ ی ژمارە جیاواز بە کارهێنا ، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (**3. 4 .5**) دا ڕوونکراوەتەوە

خشتەی ژمارە ( **3. 4 .5** )

خستنەڕووی ئەنجامەکانی T.test لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی نمرەی قوتابیان لە بابەتی مێژووی پۆلی دە یەمی وێژەیی (2023-2024)

2- نمرەی بابەتی مێژوو پۆلی دەیەم:


| کۆمەڵە | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای t. test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ | | | بەڵگەدار لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | Sig. | |
| ئەزموونی | 38 | 70.20 | 15.223 | 75 | 1.401 | 1.992 | 0.165 | بەهادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 39 | 65.90 | 11.500 | | | | | |

*

چونکە .Sig > 0.05 . بەهای ( T ) ئەگەری لەم خشتەیەی ( **3. 4 .5**) دەردەکەوێت یەکسانەبە(0.165) کە لە

ڕێژەی هەڵە (0.05) گەورەترە بە نمرەی ئازادی (75)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا .

شێوەی ژمارە(5.3)نمرەی دەستکەوتی بابەتی مێژوو لەپۆلی دەیەم




**3. 4 .6 . کۆی گشتی نمرەی قوتابیان لە پۆلی دە یەمی ویژەیی بۆ ساڵی خوێندنی ( 2023–2024) :**

توێژەران لەرێگای کارگێڕی قوتابخانەوە توانی تۆماری کۆنمرەی سەرجەم بابەتەکانی خوێندراوی پۆلی دەیەمی ویژەیی بۆ ساڵی خوێندنی ( 2023–2024 )قوتابیانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە یان وەرگرێت دواتر داتاکانیان تۆماربکرد ، بە مەبەستی هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوەدا، بە سوودی وەرگرتن لەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە جیاواز بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە نێوان قوتابیانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوەدا ، وەک لە خشتەی ژمارە (**3. 4. 6**)ڕوونکراوەتەوە :

خشتەی ژمارە (**3. 4. 6**)


خستنەڕووی ئەنجامەکانی T.test لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی تێکڕای گشتی نمرەی قوتابیان لە پۆلی دەیەمی ویژەیی (2023–2024)

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای t. test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ: هەژمارکراو | خشتەیی | Sig. | بەڵگەدار لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 38 | 908.00 | 115.401 | 75 | 1.627 | 1.992 | 0.108 | بەهادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 39 | 864.67 | 118.292 | | | | | |

٭ چونکە Sig. > 0.05

بەهای ( T ) ئەگەری لەم خشتەیەی د(**3. 4. 6**)دەردەکەوێت یەکسانەبە(0.108)لە ڕێژەی هەڵە (0.05) کە گەورەترە بە نمرەی ئازادی (75)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا

شێوەی ژمارە(6.3)کۆنمرەی قوتابیانی بۆلی دەیەمی ویژەیی لەبابەتی مێژوو



### 5.3.ئامرازەکانی توێژینەوەکە :

بۆ وبەدەستهێنانی ئامانج وگریمانەکانی توێژینەوەکە، ئامرازی تاقیکردنەوەو لەگەڵ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانیان

### 6.3.ئاماژەکانی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی_خوێندن:

ڕاستگۆیی ئاماژەیە بۆ گونجاوی شێوازێک یان ئامرازێک بۆ پێوانەکردنی ئەوەی کە مەبەست لێی پێوانەکردنە، یان بە واتایەکی تر گونجاوی ئامرازی توێژینەوەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، و بەمجۆرە ئاستی بەرزی متمانە بە دۆزینەوەکانی توێژەر، بەجۆرێک کە بتوانرێت لە ئەنجامەکانەوە بگوازرێنەوە.(المشهدانی، 2019،ل 167) توێژەر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕاستگۆیی توێژینەوەکەی ئەم ڕێگایانەی خوارەوەی پەیرەوکرد کە بریتین لە :

#### 1.6.3. ڕاستگۆیی ڕووکەشی (Superficial honesty):

